بانگەوازێك لە سەنتەری راگەیاندنی ژنان

# رێگە مەدەن بکوژێکی تری بەناز کەئێستا لەکوردستانە ئازاد بکرێت

بۆ- وەزیری ناوخۆ

وەزیری داد

وەزیری کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی

رێکخراوەکانی ژنان

رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن

بەرێزان

وەك ئاگادارن لەساڵی 2006کچێك بەناوی( بەناز مەحمود محەمەد) لەبەریتانیا لەلایەن بنەماڵەکەیەوە بەبیانوی شەرەف کوژرا, دوو بکوژی بەناز لەبەریتانیا حوکم دراون وسیانەکەی دی هەڵاتون , یەکێك لەوسیانە هەڵاتوە کەناوی ( محەمەد ساڵح عەلی ) براکەشی بەناوی ( حسن ساڵح عەلی ) کەگومانی ئەوەی لێدەکرێت , لەم رۆژانەدا بەهۆی روداوی هاتوچۆوە لەقەڵادزە دەستگیر کراون .

لەگەڵ دەستگیر کردنیاندا لەلایەن کەسانی دەسەڵاتداری سیاسی وخاوەنی پێگەی ئابوری هەوڵ دەدرێت بەهەر شێوەیەك بێت ئازاد کرێت.

سەنتەرەکەمان رایدەگەیەنێت کەخۆی مودوعیە لەسەر ئەم کێشەو داوا لە هەموو لایەکیش دەکات کە فشارێکی ئەوتۆ دروست بکرێت بۆئەوەی تۆمەتبار ئازاد نەکرێت..